پرۆژەی شێوازی بەشداریکردنی نەتەوەی کوردستان لە حکومەتی عێراقدا

دکتۆر ڕێبوار فەتاح

مەلیك فەیسەڵ، یەکەم سەرەکدەوڵەتی عێراق، بەر لە کۆچی دوایی، لە ١٩٣٣دا، دەنووسێ، "بەدڵێکی پڕ لە خەمەوە ئەز دەبێژم کە هێشتا لە عێراقدا خەڵکی عێراقی نیە".

قووڵی ئەم بیرۆکە لەوەدایە کە لە ٨٢ساڵی تەمەنیدا عێراق نەیتوانیووە "هاولاتی عێراقی" دابمەزرێنێ. پێویستیش ناکات ٨٢ساڵی پڕ لە کارەساتی تر چاوەنواڕ بین تا "هاولاتی عێراقی" پێ بگات. وا بزانم کاتی هەڵوەشاندنەوەی عێراق هاتووە.

بەداخەوە ناتوانم بێژم، مەلیك فەیسەڵ کارامەترین سیاسی بووە کە عێراق بەرهەمی هێناوە. مەلیك لە نیوەدوورگەی عەرەبییەوە هاتبوو، عێراقی نەبوو. دوای کۆچی، عێراق نەیتوانی سیاسیەکی هاوشانی مەلیك بەرهەم بهێنێتەوە.

ئینگلیز سەرەکدەوڵەتێکی بێگانەی سەدەی رابردووی بۆ عێراق دۆزیەوە. پاش نزیکەی سەدەیەك لە لافاوی خوێن، ئەمەریکا کۆمەڵێك عێراقی بێگانە، قوربانیی عێراقی ئینگلیزی، لە پاسارەکانی جیهاندا بۆ سەرۆکایەتی عێراق دەدۆزنەوە تا عێراقی ئەمەریکایان، لەسەر کەلاوەی عێراقی ئینگلیز، پێ دابمەزرێننەوە.

عێراق نە دادەمەزرێتەوە نە پینە دەکرێ، دەبێ هەڵتەکێنرێ.

فیدراڵی ستانەکان

فیدراڵی وەك دەرکەوت زۆر بە کێشە بوو. لە ١٢ ساڵی رابردوودا کورد نەیتوانی بە زەڵاڵی پێناسەی ئەو شێوازی فیدراڵیەی گەرەکیەتی بکات و لەسەری ڕێك بکەوێ. لەوەش ناچێ ئەمەریکا فیدراڵی لەسەر بناغەی جوگرافی، کە کورد دەیخوازێ، لە عێراقدا پیادە بکات.

پارتی دیموکراتی کوردستان (پدك)و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان (ینك) تامادەنو دەستبەکارن بۆ یەکخستنەوەی خاکی عێراق و دامەزراندنەوەی حکومەتی نێوەندی عێراق، بەڵام تامادە نین بۆ دامەزراندنەوەی پەرلەمانو حکومەتی کوردستان. بۆچی پدك و ینك هێندە گەرمن بەرانبەر عێراق، هێندەش سارد بەرانبەر کوردستان؟

ئەمەریکاو ئەنجوومەنی حوکمی عێراق لە نۆڤەمبەردا لەسەر "پرۆسەی دیموکراسی" فیدراڵی ستانەکان ڕێککەوتن. ("ستان" لەبری وشەی "پارێزگا" بەکاردێنم، چونکە "پارێزگا" بیرۆکەی بەعسە.) راستە هێشتا دەستووری عێراق نەنووسراوە بەڵام "پرۆسەی دیموکراسی" کە ئیمزاکراوە بۆنی ئەوەی لێ دێت کە عێراق بکرێ بە ١٨ ستانی فیدراڵیەوە. هەندێك لایەنیش ئاڵای داهاتووی عێراقیان داهێناوە کە ١٨ ئەستێرەی لەسەرە، هەر یەکەی هێمای ستانێکی فیدراڵە. هەڵبەت ئەمە لاساییکردنەوەی ئاڵای ئەمەریکایە. کورد دەبێ ئاگادار بێ کە ئەم کۆنسێپتانە وردەوردە دەبن بە واقع.

"فیدراڵی ستانەکان" چارەسەرێکی ئەمەریکیە، کەڵکی وڵاتێکی وەك عێراقی نیە، ئەمەریکا لە کێشەی نەتەوایەتی ناگات، سەرکەوتوانە هەموو نەتەوەکانی ئەمەریکای لەبۆتەی ئەمەریکیدا تواندۆتەوە. بەڵام ئەمەریکا عێراق نیە، نەتەوەیەکی نوێیەو کە گروپە ئەتنیکەکان چوونەتە ئەمەریکاوە زانیویانە چاوەنواڕی چی بکەن. هەرچی عێراقە وڵاتێکی کۆنە. هەزاران ساڵە لافاوی خوێن لەنێوان نەتەوەکانیدا هاژەی دێ.

دەکرێ بگوترێ کە ئەم سیاسەتەی ئەمەریکا لەدایکبووی خۆرسکی سیاسەتی بە عێراقیکردنی باشووری کوردستانە لەلایەن پدك و ینکەوە. هەڵبەت پدك و ینك هەڵوێستیان زۆر لاوازەو ناتوانن گوشار بخەنە سەر ئەمەریکا بۆ فیدراڵی جوگرافی، چونکە خۆیان ئێستا لەسەر بناغەی ستانەکان ڕێککەوتوون. خۆ ئەگەر ئەم دوو حزبە، وەك چەندین جار رایان گەیاندووە، گەرەکیانە ببنە عێراقی تا کوردستانی، ئەوا شێوازی فیدراڵی ستانەکان ڕێیەکی کاریگەرە بۆ بەعێراقیکردنی کوردستان.

گەر حیزبە کوردستانیەکان سکاڵا دەربارەی فیدراڵی ستانەکان بکەن، ئەمەریکاو عەرەبەکانیش دەتوانن پێیان بڵێن کە پدك و ینك خۆتان فیدراڵی ستانتان هەڵبژاردووە. لە دەوڵەتێکدا بەیەکەوە هەڵتان نەکرد، ئێستا کە لەسەر بناغەی ئیدارەی هەولێرو سلێمانی دامەزراون، گرفتێکی ئەوتۆیان نییە. جێی سەرسوڕمان نییە کە ئەمەریکیەکان دەگەنە ئەو تاکامەی کە هەر هەمان شێوازی حوکم پیادە بکەن.

جێی نیگەرانیە کە دوو حیزبەکە دەیانەوێ ئەم "پرۆسەی دیموکراسیە" بە دەستکەوت بەخەڵکی بێچارەی کورد بفرۆشن. ئەندامێکی بەرزی یەکێ لە حیزبەکان، لە تەلەفیزیۆنەوە، گوتی (نۆڤەمبەری٢٠٠٣) مۆرکردنی "پرۆسەی دیموکراسی" لەگەڵ ئەمەریکادا بەڵگەیەکی ترە کە پدك و ینك فیدراڵیان لە عێراقدا سەپاندووە. بەڵام نەیگووت چ فیدراڵیەکیان سەپاندووە.

خۆ گەر فیدراڵی ستانەکان پیادە بکرێ سەرئەنجامی زۆر مەترسیداری دەبێ لەسەر بوونی نەتەوەی کوردو کوردستان. هەڵبەت ئەمە سیاسەتێکی زۆر زیرەکانەیە کە ئەمەریکیەکان پیادەی دەکەن. هەم عەرەبی عێراق، هەم ڕژێمەکانی ناوچەکە (تورکیا، وڵاتانی عەرەبو ئێران)، لەسەر حسابی کورد، رازی دەکەن. قەوارەیەك نامێنێ بەناوی کوردستان. کێشەی دیاریکردنی سنووری کوردستان دەپوکێتەوە. "ئایا کەرکوك یان موسڵ شاری کوردستانن یان نا؟" پرسێکی نابەجێ دەبێ. "ئایا چەند ستانی عێراق کوردستانە؟" چیدی گرفت نابێ. هەموو شارەکانی کوردستان دەبن بە شاری عێراقو پەیوەندی راستەوخۆیان بە حکومەتی نێوەندی عێراقەوە دەبێ. هەر بۆیە کە پەرلەمانو حکومەتی کوردستان پێویست نابن. خۆ ڕەنگە بۆ چەند ساڵێك هێنندەوە، بەڵام بێ کار دەبنو دەپووکێنەوە.

چارەسەری ئەمەریکا بۆ کێشەی کوردی باشوور، گەر لەسەر بناغەی فیدراڵی ستانەکان بێ، پلانێکی مەترسیدارە لەسەر چارەنووسی کوردو کوردستان. بگرە دەتوانم بڵێم، پلانی تواننەوەی کوردستانە. ئینگلیز کوردستانی گەورەی لەسەدەی پێشوودا دابەشکرد. لەوە دەچێ ئەمەریکا بخوازێ بسرێتەوە.

خۆ گەر ئەمەریکا سوورە لەسەر فیدراڵی ستانەکان، ئەوا دەکرێ حکومەتی کوردستان لەسەر فیدراڵی ستانەکان دابمەزرێ. لێرەدا ستانەکان راستەوخۆ دەبەسترێن بە حکومەتی کوردستانەوە. ئەمیش بەشدار دەبێ لە حکومەتی نێوەندی عێراقدا. خۆ ڕەنگە ئەم شێوازە بۆ کوردستان گونجاو بێ لەبەر چەندین هۆ.

کوردستان چەندین کەمایەتی ئایینیو ئەتنیکی (یەزیدیەکان، کاکەیەکان، ئەهلی حەق، سابیەکان، ئاسوورییەکان، تورکمانەکان، کلدانیەکان، تد) تێدا دەچیو چەندین پارتی سیاسی گچکەی (وەك سۆشیالیست، زەحمەتکێشان، شیوعی) تێدایە، کە ئیقلیمگیرن، تەنیا لە چەند ناوچەیەکی کوردستاندا کاریگەرن. ڕەنگە لە سیستمێکی. سەرتاسەریدا، ئەمان هەرگیز دەنگ نەهێنن بەشداری پەرلەمانی کوردستان بکەن. بۆ نموونە هەڵبژاردنی ١٩٩٢ی کوردستان، هەموو حیزبەکانی تری بەبێ هیواو لە دەوری پەرلەمان، بەبێ دەنگ هێشتەوە. پەنجا-بە-پەنجای پدك و ینکیش کوردستانی بەرەو چەڵەمە برد. ئەو سیستمە خەوشدار بوو. نابێ جارێکی تر کوردستانی پێدا بڕێتەوە.

مانەوەی حیزبو گروپە گچکەکان لە دەری حوکمی کوردستان بە پێزەتێقی ناگەڕێتەوە. لە سیستمی ستانەکانی کوردستاندا، لەو ناوچانەدا کە ئەم گرووپانە هەن دەتوانن باشتر نوێنەرایەتی بکرێن تا سیستمێکی سەرتاسەری. خۆ ئەم سیستمە ڕەنگە کێشەی نێوان پدك و ینکیش چارەسەر بکات. بۆ نموونە، لە ستانی سلێمانیدا ڕەنگ زۆرە کە ینك لە هەڵبژاردندا دەربچێ و کەنسلی شارەکە بگرێتە دەست. لە ستانی هەولێردا، ڕەنگە چەند حزبێك لە هەڵبژاردندا دەربچێ. ڕەنگە دوو حزبە گچەکان بەسەنگ دەبن و ڕۆڵی کاریگەری خۆیان دەبینن، کە شایستەیانە.

خۆ ڕەنگە ئەمە ڕێیەك بێ بۆ کوردستانیکردنی ئەو نەتەوانەی کە لە کوردستاندا دەژین، چونکە ڕەنگە لە سیستمی عێراقدا سەنگێکی وایان بۆ دانەنرێ. لە کوردستاندا، ماسیەکی بزرگ دەبن لە حەوزێکی گچکەدا. هەرچی لە عێراقدایە، ماسیەکی گچکە دەبن لە حەوزێکی بزرگدا.

کورد چ بکات گەر فیدراڵی بۆ چارەسەری کێشەکەی بخوازێ؟

بەشداریکردنی کورد لە ئەنجوومەنی حوکمرانی عێراقدا، بە شێوازی ئەمڕۆ، دەبوایە نەکرایە. نەتەوەی کوردستان دەبێ وەك نەتەوە بەشداری بکەن لە حوکمی بەغدادا، نەك تەنیا وەك حیزب یان تاکە کەس. کورد هەر سیستمێکی حوکم هەڵبژێرێ دەبێ قەوارەی سیاسی کوردستان لەدەست نەدات.

گەر فیدرالی چارەسەر بێ بۆ کێشەی کورد، کورد دەبێ بە دوو شێواز لە حکومەتی بەغدادا بەشداری بکات. (هەڵبەت شێوازی تر زۆرن. ئەز لێرەدا ئەم ڕێچارەیە پێشنیاز دەکەم.)

شێوازی یەکەم ناو دەنێم بەشداریکردنی عێراقی یان راستەوخۆ. ژمارەی کورد لە حکومەتی نێوەندی عێراقدا، ڕەنگدانەوەی ڕێژە کورد دەبێ لە عێراقدا. هەڵبەت ئەمان وەك کوردی عێراق بەشدارن لە حوکمی عێراقدا، نەك وەك نەتەوەی کوردستان یان قەوارەی کوردستانی فیدراڵی.

دەبێ لە یادی نەکەین، کورد لە عەرەب زۆر کۆنترە لە عێراقدا. لەو ناوچانەدا کە ئێستا عەرەبیان تێدا دەژێ کوردێکی هەن. بۆ نموونە لەشاری بەغدادا نزیکەی ١,٥ ملیۆن کورد هەیە، ئەمان ڕەنگە بخوازن راستەوخۆ لە حکومەتی ناوەنددا بەشداری بکەن. هەڵبەت دانیشتوانی کوردستانیش دەتوانن راستەوخۆ لە حکومەتی بەغدادا بەشداربن.

شێوازی دووەم ناو دەنێم بەشدارکردنی قەوارەی کوردستان. لێرەدا نەتەوەی کوردستان وەك قەوارەی حکومەتی فیدراڵی کوردستانی باشوور بەشداری پەرلەمانو حکومەتی بەغداد دەکەن. نوێنەری پەرلەمانو حکومەتی نەتەوەی کوردستان نوێنەری قەوارەی کوردستانن لە قەوارەی بەغدادا. خۆ ڕەنگە کەڵك لە ئەزموونی "سپاردنی دەستەڵات" لە وەیلسو سکوتلاند لە بەریتانیادا وەربگرێ.

کێشەی دەستوور.. دەستووری کوردستان جودایە لە عێراق

لە عێراقی فیدراڵدا دەبێ دوو دەستوور هەبێ. دەستووری عێراقو دەستووری کوردستانی فیدراڵ. کورد نابێ بە هیچ جۆرێك رازی بێ کە لە دەستووری عێراقدا مافەکانی دیاری بکرێ. خەڵکی عێراق بڕیاری کێشەی چارەنووسسازی نەتەوەی کورد نادات. کورد خۆی بڕیار دەدات. کورد نابێ چاوەنواڕ بێ دەستووری عێراق بنووسرێ، بەڵکو دەبێ خۆی کارا دەستپێشخەری بکات و تا زووە دەستووری خۆی بۆ بەغدادو ئەمەریکا پێشنیار بکات. ئەم دەستوورە بۆ هەموو کوردستانی باشوور دەبێ، نەك پارچە ــ کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئیدارەی پدك و ینك.

پەرلەمانی کوردستانی ئەمڕۆ دەستووری خۆی دەنووسێو دەیدات بە حکومەتی نێوەندی. لێرەدا دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵی کوردستان دیاری کراون. بۆ نموونە حکومەتی کوردستان ئەم دەسەڵاتانە پیادە دەکات، خوێندنی باڵا، ئابووری (وەك نەوت، دراو، باجکردن، تد) ئاسایش، شارەوانی، تد.

دەستووری کوردستان دەکرێ زۆر جودا بێ لە دەستووری عێراق. کوردستان دەتوانێ دەوڵەتێکی سێکیلەر (عەلمانی) بێ، لەکاتێکدا عێراق دەوڵەتێکی ئیسلامی. کورد دەتوانێ مافی ئەوەی هەبێ کە نەبەسترێ بەو پەیمانانەوە کە حکومەتی عێراق خۆی دەبەستێتەوە، وەك ئەندامێتی جامیعەی عەرەبی. لێرەدا دەکرێ کەڵك لە ئەزموونی فیدراڵی گرینلاند وەربگرێ، کە مافی خۆی دەپارێزێ لە ئەندامێتی یەکێتی ئەوروپا. گەر عێراق لەگەڵ ئیسرائیلدا بەشەڕ هات، کورد دەتوانێ بە هاوتایی (نیوترەڵ) بمێنێتەوە. ئەم گرفتانە دەبێ ئەمڕۆ بخرێنە بەر پرسیار، نەك دوای سەپاندنی دەستووری عێراق.

خۆ ئەگەر گرفت لەسەر هەر دەستەڵاتێك پەیدا بوو لەنێوان حکومەتی نێوەندیو حکومەتی فیدراڵدا، ئەوا ریفراندۆم لەناو نەتەوەی کوردستاندا، نەك عێراقدا، پیادە دەکرێ بۆ بڕیاردان لەسەر ئەو دەسەڵاتە. نەتەوەی کوردستان سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتێك و بڕیارێکە.

مافی ریفراندۆم لە دەستووری کوردستاندا دەبێ بپارێزرێ

لە دەستووری حکومەتی کوردستاندا دەبێ ریفراندۆم وەك ڕێچارەیەك دیاری بکرێ بۆ بڕیاردان لەسەر کێشە چارەنووسسازەکانی نەتەوەی کوردستان، لەوانیش دیاریکردنی مافی چارەنووسە. مافێکی قانوونیە کە نەتەوەی کورد مافی چارەنووسی خۆی بۆ خۆی بەو چارەسەرەی خۆی دەیخوازێت چارەسەر بکات. هیچ وڵاتێکی ناوچەکە (وەك ئێران، تورکیا، سوریا) یان ئەوانی تر بۆیان نیە مافی بڕیاردان لەسەر کێشە چارەنووسسازەکانی نەتەوەیی لە کورد زەوت بکەن.

ئەزموونی کۆبك (بەشە فەڕەنسیەکەی کەنەدا) بۆ کورد بەکەڵکە. دەستووری کۆبك دەسەڵاتی ریفراندۆمی پاراستووە لەسەر دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆی. پەرلەمانی حکومەتە فیدراڵیەکە بڕیاری ریفراندۆم دەدا، نەك نێوەندیەکە. بۆ نموونە لە ١٩٨٠و ١٩٩٥دا کۆبکیەکان ریفراندۆمیان لەسەر مافی چارەنووس ئەنجامدا، لەبەر ئەوەی ٤٠٪و ٤٩٪ دەنگیان هێنا، کۆبك سەربەخۆ نەبوو، بە بەشێك لە کەنەدا مایەوە.

نەتەوەی کوردستان بۆ ئەوەی مافی چارەنووسی خۆی دیاری بکات، دەبێ لە دەستووری کوردستاندا، کاتێك لە داهاتوودا دیاری کرد بێ بۆ ریفراندۆم لەسەر بڕیاردانی مافی چارەنووسی کوردستان. ڕەنگە داهاتوویەکی ٣الی بۆ پیادەکردنی ریفراندۆم کاتێکی گونجاویێ. سودان دەکرێ ببێ بە نموونەیەك لەم جۆرە فیدراڵیە.

ئەم شێوازی بەشداریکردنە لە دەسەڵاتدا، زۆر کێشەی چارەسەر دەکات کە ڕووبەڕووی پەرلەمانی نێوەندی دەبێتەوە. هەرچەندە هێشتا حکومەتی بەغداد دانەمەزراوە، بەڵام کورد، هەر لە ئێستاوە، لە چەند بڕیارێکدا دۆراوە:

* دراوی عێراقی، بە کوردی لێی نەنووسراوە. دەستووری کوردستان دەیتوانی دیاری بکات کە دراوی کوردستان لەوەی عێراق جودا دەبێ بەڵام، وەك وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا، دراوی هەردوولا لە سەرتاسەری عێراقی فیدراڵدا دەخوات. بۆچی کورد دراوی عەرەبی دەستاودەست بکات؟

* ئەنجوومەنی حوکمی عێراق ڕۆژی فاتیمەتولزەهرایان بە ڕۆژی ژنانی هەموو عێراق دانا، بە نارەزامەندی کورد. لە دەستووری حکومەتی کوردستاندا، پشوە نەتەوایەتیەکانی کوردستان دەکرێ دیاری بکرێ، بەمەش لە ناوچە عەرەبەکان ڕۆژی ژنان دەکرێ جودا بێ لەوەی کوردستان. ئەم سیستەمەی ئەمڕۆ نەزۆکە. بۆ نموونە عەرەبەکان دەتوانن ڕۆژی نەورۆز لە کورد زەوت بکەن. ئایا کورد بەمە رازی دەبێ؟

* ڕێژەی نوێنەرایەتی کورد لە ئەنجوومەنی حوکمی عێراقدا نە ڕەنگدانەوەی ڕێژەی کوردە لە عێراقدا نە ڕەنگدانەوەی ڕێژەی نەتەوەی کوردستانە. کورد لە عێراقدا نزیکەی ٣٠٪ە. کەچی کورد بە ٢٠٪ لە ئەنجوومەنی حوکمدا رازی بووە. لە ئەندامی بڕۆژی سیاسی یەکێ لە حزبەکانیان پرسی (٨ نۆڤەمبەر٢٠٠٣) کە بۆچی بەو ڕێژەیە رازی بوون٠ وەڵامەکەی ئەمەی دەبەخشی: ئەمە سازشکردن نیە بۆ عێراق. بەڵکو ئەوان، وەك کورد، نەیان ویستووە کە هەموو هێزی خۆمان لە ئەنجومەنی عێراقدا بەکار بێنین. بە کورتی دەیگووت کە ئەوان نەیان ویستووە عەرەبەکان بترسێنن. هەڵبەت ئەز لەم سیاسەتە ناگەم!.

ڕاستەکەی شێوازی فیدراڵی زۆرن. ئەمەیان کەوتووەتە سەر کورد خۆی. بەڵام کورد بەم ساردوسڕیەی ئەمڕۆی هیچ بە ئاکام ناگەیەنێ. کورد دەبێ بە هەلومەرجێك، کە لە بەرژەوەندی نەتەوایەتی خۆیەتیو شایستەی قەوارەی خۆیەتی، بەشداری لە دامەزراندنەوەی عێراقدا بکات. بەپێچەوانەوە، ترسی ئەوە دەبێ کە دەوڵەتی عێراق بە کورد یەکبخرێتەوە، دواتر کورد بێتەوە قوربانی.

ئەم سیستەمەی ئەمڕۆ پیادەیە، لە شێوازی ئەنجوومەنی حوکمڕانی عێراقدا، جەخت لەوە دەکاتەوە کە دیموکراسی لە عێراقدا چارەسەری کێشەی کورد ناکات، کێشەی نەتەوەکان بێ دیموکراسیەت چارەسەر ناکرێن. ئەمە دەبێ لە ئەمەریکیەکان بگەیەنرێ، چونکە ئەمان ئەزموونی مامەڵەکردنیان لەگەڵ کێشەی نەتەوایەتیدا نیە.

کورد لە باشترین باردا لە ٣٠٪ ئەندامانی پەرلەمانی عێراق دەبن، کە ئەمەش هەردەم بە دراوی دەیان هێڵێتەوە. لەمەش مەترسیدارتر مایەی ئاژاوە، نەك ئارامی عێراق. کوردو عەرەب دوو نەتەوەی جودانو دەبێ تایبەتمەندێتی خۆیان بپارێزن. دەنا هەردووکیان دڵکرمێ دەبن. تەنیا کورد لەم سیستەمەدا زەرەرمەند نابێ، عەرەبو نەتەوەکانی تریش زەرەرمەند دەبن.

لەم سیستەمەدا کورد هەموو بەرژەوەندی خۆی دەخاتە ژێر ڕەحمەتی دەنگی چەند عەرەبێکەوە. دەبێ لە یادی نەکات کە عێراق بەشێکە لە سیستمێکی عەرەبی. چەندین پەیوەندی سیاسی (وەك ئەندامێتی جامعەی عەرەبی)، مێژوویی، نەریتی، کلتووری، زمانەوانی، تد بە وڵاتانە عەرەبەکانی ترەوە دەیبەستێتەوە. عێراقیش ٨٢ساڵە وڵاتێکی عەرەبییە. کورد لەو پەیوەندیانەدا جێی نابێتەوە. لە بەرانبەر عەرەبێتی عێراقیشدا، کوردی باشوور بەشێکن لە نەتەوەیەکی ٤٠ملیۆن کەسی کە ناکرێ لێك دابڕێن، باشوور بەشێکە لە وڵاتێکی دابەشکراو. بەبێ خەباتی گشت پارچەکانی کوردستان هیچ پارچەیەك بە ئامانج ناگات. سەرباری ئەمانەش، نابێ نکوڵی لەوە بکەین کە ٨٣ساڵی رابردووی مێژووی عێراقو پێشتریشیدا، عەرەب وەك سیستمێکی سیاسی، ئایینی، سەربازی، تد کوردی چەوساندوەتەوە تا رادەی جینۆساید. ئەمانە هەموو بە "فی لەیلەتین وە زوحاهای عەرەبی" ناکوژێنەوەو لە یاد کورد ناچنەوە.

سیستمێکی لەم جۆرە بە نەزۆکی لەدایك دەبێ. هەڵبەت ئەم سیستمە هەر لە ئێستاوە زیانی خۆی لە نەتەوەی کورد داوە. یەکێك لە ئاکامە مەترسیدارەکانی ئەوەیە کە پەرلەمانو حکومەتی کوردستانی سست کرد. ئێستا نازانرێ ڕۆڵی پەرلەمان لە کوردستاندا چییە.

هەواڵی کوردستان، کە زۆر دەگمەنە، لە بەغدادەوە وەك هەواڵی عێراق دەبیسترێ. ئاکامێکی تری ئەوەیە کە نەتەوەی کوردستانی لە حیزبەکان دابڕێ. دەتوانم ببێژم کە لە مێژووی حیزبەکاندا هەرگیز هێندە ڤاکیۆم (بۆشایی) لەنێوان خەڵکی ئاسایی کوردستانو حیزبەکاندا نەبووە. ئەمەش هەڵبەت بەبێ زیان نییە. ئایا کورد دەیەوێ بینا لەسەر ئەو دەسەڵاتە بکات کە لە ١٩٩٢دا هەڵی بژاردووە یان لەناوی بەرێ؟

ئەمڕۆ چی بکرێ؟

ئەمڕۆ لە باشووردا دەبێ سەرژمێریی ئەمجار هەڵبژاردن ئەنجام بدات بۆ دامەزراندنەوەی پەرلەمانو حکومەتی کوردستان. هاوکات دەستووری کوردستان بۆ حکومەتی نێوەندی عێراقو ئەمەریکا پێشنیار بکات. ئەم کارانە دەبێ کورد بە ئەنجامیان بگەیەنێ، نەك چاوەنواڕی ڕەحمەتو زەحمەتی ئەمەریکا یان عەرەب بێ. هەڵبەت ئەمانەش بێ گرفت نابن.

دۆستایەتی ئەمەریکا

دەبێ ئەمەریکا بەشداری بکات لە ئیمزاکردنی دەستوری کوردستاندا. نەتەوەی کوردستان دەبێ ئەمەریکا وەك دۆستی خۆی بهێڵێتەوە.

سیاسەتی ئەمەریکا لە گۆڕانێکی خێرادایە، دەبێ کورد پێشنیاری خۆی پێشکەش بکات. شەقامی کوردی تەنیا شەقامێکە لە هەموو خۆرهەڵاتی نێوەنددا پشتگیری لە ئەمەریکا دەکات. نهێنیش نیە. ئەمەریکا لەوە ناچێ لە عێراقی عەرەبدا جێی ببێتەوە. ڕاستەکەی جێ پێیان پێ لێژ کراوە. کوردستان دەکرێ ببێ بە "ئارامگە"، ئەمەریکیەکان. ئەم پەیوەندیە دەبێ بینای لەسەر بکرێ، نابێ بکرێ بە قوربانی بە عێراقکردنو بە عەرەبکردنی کوردستانو کێشەکەی. کورد نەفامە گەر بیەوێ ئەزموونی دیموکراسی کوردستان درێژبکاتەوە بۆ عێراق. کورد دەبێ بگەڕێتەوە بۆ ناو کوردستانو کار بۆ دامەزراندنەوەی کوردستان بکات. ئایا دامەزراندنی دەوڵەتی تورکو دەوڵەتی عێراق لەسەر کاسەسەری کورد نەبوو؟ ئایا کورد جگە لە کاسەسەریی هیچی تری لەو دەوڵەتانە بەدەست کەوت؟ ئایا کورد دەبێ مێژووی خوێناوی خۆی دووپات بکاتەوە؟

دەبێ شەقامی کوردستان بەکاربهێنرێ بۆ گوشارکردن لەسەر ئەمەریکا. ڕێپێوانو خۆپیشاندان مافی نەتەوەکانە. نابێ کورد وا تێ بگا ئەمە ڕێزلێنەنانە لە ئەمەریکا. دەنگی کورد دەبێ ببیسترێ. بۆ نموونە دەبوایە لەو ناوچانەدا کە لەژێر دەسەڵاتی بەعسدا بووە، ڕۆژانە خۆپیشاندان بکرایە بۆ گەراندنەوەیان بۆ ناو ئیدارەی کوردستان.

کورد دەتوانێ پێشنیاری پەیماننامەیەکی دوولایەنی لەنێوان کوردو ئەمەریکادا بکات بەپێی ئەم پەیماننامەیە:

* ئەمەریکا یارمەتی کورد دەدات بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆیو پاراستنی لە ڕژێمەکانی ناوچەکە.

* کوردیش هاوکاری ئەمەریکا دەکات لە پیادەکردنی ستراتیجیەکەیدا لە ناوچەکەو لە جیهاندا، بەتایبەتیش سیاسەتی بنەبڕکردنی تیرۆریزم، کە هەم هەڕەشەیە لە کورد هەم لە ئەمەریکا.

نەتەوەی کوردستانی باشوور بەشێکە لە نەتەوەیەکی دابەشکراو

نەتەوەی کوردستانی باشوور دەبێ لە یادی نەکەن، باشووری کوردستان بەشێکە لە نەتەوەیەکی دابەشکراو بەسەر پێنج وڵاتدا. پشتگیری نەتەوەی گشت پارچەکانی تری کوردستان دەبێ بە بەردی بناغەی سەرکەوتن. خەباتی پارچە جوداکانی کوردستان پشتگیرو تەواوکەری یەکن. دەکرێ جۆرێك لە یەکێتی دابمەزرێ لەنێوانیاندا. خۆ ڕەنگە دامەزراندنی وەزارەتی کوردستانی گەورە لە حکومەتی کوردستاندا نابەجێ نەبێ. ئەم وەزارەتە کاری پەیوەندی بەستنو ڕێکخستنی پەیوەندییەکانە لەگەڵ پارچەکانی تری کوردستاندا. ئەم پەیوەندیانە پێویست ناکات تەنیا سیاسی بن، دەکرێ کلتووری، کۆمەڵایەتی. ئابووری، زمانەوانی، تد بن.

دابەشکردنی کوردستان هەردەم لەدژی نەتەوەی کورد بەکار هێنراوە. کاتی ئەوە هاتووە کورد بتوانێ ئەو دابەشکردنە بۆ بەرژەوەندی خۆی بەرجەستە بکات. ڕێ زۆرن کە کوردی پارچەکان بتوانن ببن بە پاڵپشتی کێشەی یەك. بۆ نموونە کە کێشەی بەزاندنی سنووری باشوور لەلایەن تورکیاوە ئەنجامدرا، کوردەکانی باکوور دەکرا ببن بە پاڵپشتی باشووریەکان.

کوردە دەرکراوەکان و کوردە ئاوارەکان

کوردە دەرکراوەکانو کوردە ئاوارەکان چەندین گرووپنو ڕەنگە چەند ملیۆن کەسێك بن، وەك کوردەکانی تاراوگە، کوردە فەیلیەکانو دەرکراوەکانی ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی حکومەتی بەعس. چۆن ئەمان بەشداری سەرژمێرو دەنگدان بکەن؟

دەکرێ لە وڵاتانی تاراوگە نێوەندی سەرژمێریو هەڵبژاردن بکرێتەوە. کوردەکانی تاراوگە هەم بەشداری سەرژمارەدن بن هەم هەڵبژاردن. ئەمە چارەسەری کێشەی بە عەرەبکردنی کوردستان ناکات. دەبێ لەسەر ژمارەدنا عەرەبە هاوردەکان دیاری بکرێن. خۆ گەر ریفراندۆم لەسەر کێشەی چارەنووسسازی کوردستان کرا، عەرەبە هاوردەکان مافی بەشداریکردنیان نابێ. ئەم کارە وەزارەتی کاروباری ئاوارە، کۆچو دەرکراوەکان پیادەی دەکات. ئەم وەزارەتە دەبێ دابمەزرێنرێ.

خۆ دەکرێ کەڵك لە سیاسەتی دژەکوردی ڕژێمەکان وەربگیرێ. بۆ نموونە لە ١٩٦٢دا لە سەرژمێرییەکی دژەکوردەدا، حکومەتی سوریا نزیکەی ١٢٠ هەزار، کە لە سەدا ٢٠ لە کوردەکانی خۆرئاوان، لە هاوڵاتێتی سوریا دامالێ، لە ماڵی خۆیاندا، کە هەزاران ساڵە دەژین، بوون بە بێگانە. قانونی ژمارە ٩٣ی ئۆگەستی ١٩٦٢ بڕیاری دا کە ئەو کوردانەی ناتوانن بیسەلمێنن بەر لە ١٩٤٥ لە سوریادا ژیاون، بەبێ نەتەوایەتی دەمێننەوە. ئایا هەموو عەرەبێك لە سوریادا دەتوانێ ئەم مەرجە ئەستەمە دابین بکات. قانوونێکی لەم جۆرە بۆ عەرەبە هاوردەکان ڕەنگە کاریگەر بێ تا دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان.

کەچی ئێستا پێشنیارێکی ژەهراوی تر لە بەعەرەبکردن لەلایەن حیزبەکانەوە بەرجەستەیە (عەدنان موفتی، ٨ نۆڤەمبەری ٢٠٠٣ ــ کوردسات). عەرەبە هاوردەکان، پاش ئەوەی ئاسانکاریەکی زۆریان بۆ دەکرێو پارەیان دەدرێتێ، دەبرێنە "سلێمانی یان هەولێر". ئایا ئەمە سیاسەتی بە عەرەبکردنی هەولێرو سلێمانی نابێ؟

جەنەساید

کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دانی بەوەدا ناوە کە نەتەوەی کوردی باشوور جەنەساید کراوە. کورد دەبێ بڕیاری چارەنووسسازی خۆی لەسەر ئەمە دابڕێژێ، نەك فەرامۆشی بکات. جەنەساید چەکێکی کاریگەرە لەسەربەخۆیی کوردستاندا. دەبێ کاریگەرێتی جەنەساید لەسەر کوردو کوردستان بە کاملی بخوێنرێ، وەك کاریگەری جەنەساید لەسەر دیموگرافی کوردستان، لەسەر کەسایەتی کورد، تد. ئەم خوێندنە وەك بەڵگەنامە دەبێ بدرێ بە لایەنە نێونەتەوەییەکانو عەرەبەکان. کورد دەبێ خەبات بکات بۆ ئەنجامدانی بڕیارێکی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە جەنەسایدی کوردی باشوور. کورد دەبێ خۆی لە عێراقیەکانو لە کۆمەڵگای نێونەتەوەی بپرسێ، "ئایا عێراق چی پێشکەشی کورد کردووە لە ٨٢ساڵی دامەزراندنیدا؟" وەڵامی ئەم پرسیارە کلیلێکە بۆ پیادەکردنی مافی چارەنووسی کورد بە بڕیاری خۆی.

دیارکردنی سنووری کوردستان

ئەمڕۆ تەنیا پارچەیەکی کوردستان لەژێر ئیدارەی کوردیدایە. خۆ گەر هەنگاوی جیدی نەنرێت، ئێدی ڕەنگە ئەم دیاردەیە ڕەگ دابکوتێ. حاڵی حازر هەندێك لە عەرەبەکان تەنیا ئەو پارچەیە بە کوردستان، یان خۆیان گوتەنی بە شیمال، دادەنێن. سستی پدك و ینك لە داواکردنەوەی سەرتاسەری کوردستانی باشوورو یەك نەخستەوەی ئیدارەکەیان لەسەر کورد زۆر کەوت. گفتوگۆ لەسەر سنووری کوردستان ناکرێ. کوردستان سنووری مێژووی خۆیی هەیە، کە موسڵ کەرکوك و دیالەی تێدایە. لێپرسراوی حیزبەکان زۆر نابەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ کێشەی سنووری کوردستاندا دەکەن، وەك ئەوەی کە دەڵێن کەرکوك شاری برایەتیە، موسڵ شارێکی عەرەبی کەونە، تد. لەوەش ناچێ سیاسەتێکی هاودەم لەمەڕ سنووری کوردستان هەبێ، زۆر جار، هەمان لێپرسراوی حیزبی لەجێی جودادا، گووتەی دژوار دەبێژێ.

کوردستانێتی بە ژمارەی کورد لەو ناوچەیەدا ناپێورێ. خۆ ئەگەر وابێ شاری برادۆزدی باکووری بەریتانیا دەبێتە بەشێك لە ئاسیا چونکە لە نیوەی پتر ئاسیایین یان شاری لەندەن بە بێگانە دەژمێردرێ.

شێوازی دەسەڵات لە پەرلەماندا

پەرلەمانی کوردستان پێویست

سەدام ٥ ملیۆن دۆلارو ١٠ کیلۆ ئاڵتون ئەدا بە سەمیرەی ژنی

سەمیرە شابەندەر ژنە بچکۆلەی سەدام حسێنی سەرۆکی پێشووی دەستگیرکراوی عێراقو کوڕە تەمەن ٢١ ساڵەکەیان، کە لە نیسانی ئەمساڵدا، دوای گیرانی بەغدای پایتەخت بە نەخشەو سەرپەرشتی کردنی سەدام خۆی گەیشتنە بەیروتی پایتەختی لوبنانو لەوێ نیشتەجێن.. رایگەیاند لە هەموو ئەو ماوەیەی رابردوودا، بە لایەنی کەمەوە هەفتەی جارێك بە تەلەفۆن قسەیان لەگەڵ یەك کردووەو، سەدام نامەی دەسنوسی بۆ ناردووە.

رۆژنامەی (زی سەندەی تایمز)ی لەندەنی بڵاوی کردەوە، لەرێگای ئەحمەدی خزمی سەمیرەوە لە بەغدا، کەسێکیان دەستکەوتووە چاوپێکەوتنێکی بۆ رۆژنامەکە لەگەڵدا سازکردووە.

ئەو کەسەو سەمیرە شابەندەر لە چێشتخانەیەك لە بەعلبەك یەکتریان دیوەو سەمیرەی ناسکی قژکاڵی چاو بادەمی کە بە نزیکترین کەس لە سەدام حسێنەوە دادەنرێت لەم ماوەی حوکمی دواییەیدا، لە چاوپێکەوتنەکەدا باسی پەیوەندی خۆی لەگەڵ سەرۆکی پێشووی عێراقدا کردوە هەر لە سەرەتاوە هەتا ئەو رۆژەی لەرێگای سوریاوە خاکی عێراقیان بەجێ هێشتووە، لەگەڵ عەلی کوڕیاندا کە ئێستا دوای کوژرانی عودەیو قوسەی لە موسڵ، هەر هەموو کوڕەکانی سەدام لە ساجدەی ژنە گەورەی تاکە کوڕی سەدامە.

سەمیرە گێڕاویەتەوە چۆن رۆژی ٩ی نیسان ئەو رۆژەی ئەمریکیەکان بەغدایان گرت سەدامی بینیوە، هەرچەند خۆی باش ئامادەکردووە بۆ جەنگو دڵنیا بووە لە سەرکەوتن بەڵام چەند حەشارگەیەکی نهێنی بۆ ئامادەکردووە تیایدا دانیشێتو پاسەوانە تایبەتیەکانی مێردەکەی خۆیو کوڕەکەیان لە حەشارگەیەکەوە بۆ یەکێکی تر گوێزاوەتەوە.

وتویەتی لە سەرەتای جەنگدا لە ماڵێکدا بووە لە گەڕەکی (المنصور) لەگەڵ پیرێژنو پیرەمێردێکی ناسیاوی دایکیدا. دواتر گواستویانەتەوە بۆ بەعقوبەو لە خانویەکی ئاساییدا ژیاوەو بەردەوام پاسەوانەکانی سەدام بێ ئاگادارکردنەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر گواستویانەتەوە لەهەفتەی سێیەمی جەنگدا جارێکی تر گواستویانەتەوە بۆ خانویەکی تر لە (المنصور) کە زۆری نەبردووە سەدام سەری لێ داوەو دڵنەوایی کردەوەو دوای ئەو هەواڵە ناخۆشانەی لە تەلەفزیۆنەکانەوە بیستویەتی، ترسی رەواندۆتەوەو پێی وتوە ئەو هەواڵانە بێ بایەخنو سوپای عێراق نەخشەیەکی ئامادەکردووە بۆ کێشکردنی سوپای ئەمریکا بۆ ناو بەغداو تەفروتوناکردنیان.

سەمیرە زیاتر لە سەری ئەڕواتو ئەڵێت دوای هەرەسهێنانو گرتنی بەغدا سەدام جارێکی دی سەری لێداوەتەوەو بێ ئومێدیەکی گەورەی پێوە دیاربووەو ئەمی بردۆتە ژوورێکی تەنیاو بەسەریدا گریاوەو "لێی روون بوە خیانەتیان لێ کردووە" بەڵام داوای لەم کردووە نەترسێت، دەستی کردۆتە ملی عەلیو ماچی کردەوەو بەویشی وتوە نەترسێو ئاگای لە دایکی بێت. ئەمە ئەو رۆژە بوو کە بۆ دواجار لە بەغدادا بە ئاشکرا دەرکەوتووەو راپۆرتەکانی هەواڵ لە زاری دانیشتوانی بەغداوە رایانگەیاندبوو رۆژی گرتنی بەغدا لە گەڕەکی منصور بینراوە.

دوای ئەم چاوپێکەوتنە پاسەوانەکانی سەدام هاتوونو لە ئۆتۆمبێلێکی باری بچوکدا سواریان کردووەو بەرەو سنوری سوریا بەرێکەوتون. لەکاتێکدا کوڕەکەی لە ئۆتۆمبێلێکی تەکسیدا لەدوایانەوە بووە.

سەمیرە رایگەیاندووە لەرێگا لە شوێنێك لایانداوە کە نازانێت کوێ بووە بەڵام لەیادیەتی چێشتخانەیەکو مزگەوتێکی لێ بووەو لەوێ بۆ دواین جار لەگەڵ سەدام چاویان بەیەك کەوتووە.

ئەڵێت سەدام بە ئۆتۆمبێلێکی ئاسایی هات، بە جلو بەرگی عەرەبییەوە، بەجۆرێك خۆی گۆڕیبوو سەرەتا خەریك بوو نەیناسم، بەڵام دواتر رام کردو دەستم کردە ملی، ئەوە (١٢) رۆژ دوای گرتنی بەغداد بووە. سەدام پێی وتوە "ئیتر هیچ لەبارەیەوە نەپرسێتو ئەم تەنیا ئەوەی ئەوێت، سەمیرە بێوەی بێت، ئەڵێت دوای ئەوە جانتایەکی دەستی دامێ کە پێنج ملیۆن دۆلاری تیابوو. لەکاتێکدا یەکێك لە یاوەرەکانی سندوقێکی لە ئۆتۆمبێلەکەی ئەم بارکردوە، سەدام پێی وتووە "هەرکاتێك پێویستت بوو، ئەتوانی ئەمەی ناو ئەم سندوقە خەرج بکەیت" ئینجا دەستی ژنەکەی گرتوە خستویەتیە سەر دڵیو پێی وتوە هەموو شتێك بە باشی بەڕێوە ئەچێت ژنەکە ئەڵێت، دوای ئەوە بەدرێژی رێگا گریام هەتا گەیشتینە دیمەشق. لەوێ هەشت رۆژ ماینەوە پێش ئەوەی بڕۆین بۆ لوبنان، کاتێك سندوقەکەشم کردەوە بینیم (١٠)خشتی ئاڵتونی یەك کیلۆیی تیایە. کە گەیشتونەتە سنوری لوبنانیش دوو پەساپۆرتی تازەی بۆ خۆیو کوڕەکەی وەرگرتووە بەناوی (خەدیجە)و (حەسەن) دوای ئەوە، رۆژنامەکە راگەیاندوە، لەو بەرواره بەدواوە سەدام بەردەوام بە تەلەفۆن پەیوەندی پێوەی هەبووە، هەرچەند زۆر وردەکاری بۆ باسنەکردوە، هەر کاتێکیش پەیوەندیەکەیان پچڕابێت دوو رۆژ یان سێ رۆژ دوای ئەوە نامەیەکی دەسنوسی بۆ ناردووەو تیایدا هۆکاری دابڕانەکەی رون کردۆتەوە.

بەپێی رۆژنامەکە، سەمیرە لەو چاوپێکەوتنە رۆژنامەگەریدا، نایابترین و گرانبەهاترین جلو بەرگی لەبەردا بوە کە شتی وا مەگەر لە کۆگاکانی کەلو پەلی پاریسدا هەبێتو کوڕەکەی زۆر لوتبەرزانە لەخۆبایینە هەڵسوکەوتی ئەکرد، چونکە هەمیشە راهاتووە لەسەر ئەوەی وەکو کوڕی سەدام مامەڵەی لەتەکدا بکرێت.

رۆژنامەکە لەزاری سەمیرەوە چیرۆکی شوکردنی بە سەدامی بەدرێژی گێڕاوەتەوەو وتویەتی لە پێشدا ژنی فرۆکەوانێکی عێراقی بووەو لە سەرەتای هەشتاکاندا سەدام چاوی پێی کەوتووە، کاتێك لە گەشتێکی قوتابخانەدا بووە کە کچە کۆکۆلەکەی سەدامیش تیایدا بەشداربووە، ئەڵێت ژیانی هاوسەرێتی لەو قۆناغەکەدا کۆسپی زۆری هاتبوە رێ، وا رێنەکەوێت مێردە کۆنەکەی، کە کوڕو کچێکی لێی هەبوو، سەفەری دەرەوەی وڵات ئەکات، لەپڕ ئەبینێت سەدام لە ماڵەکەی خۆیدا سەری لێ ئەداتو چەپکێك گوڵی بەدیاری بۆ بردوە، ئەڵێت زانیم ئەم کابرایە کەوتۆتە داوی دڵدارییەوەو، لەو کاتەوە بووم بە دۆستی، دواتریش سەدام مێردەکەی ناچار ئەکات دەستی لێ هەڵگرێتو بۆی ئەڵاقبداتو لە پۆستێکی بەرزی هێڵی ئاسمانیی عێراقی، دایئەمەزرێنێت بۆ ئەوەی ژنەکەی شوو بکات بە سەدام.

سەمیرە ئەڵێت شوکردنی بە سەدام بوە هۆی رقوکینەی ساجدەی ژنە گەورەیو هەردوو کوڕەکەی.

عودەی لەکاتی ئاهەنگێکی پێشوازی رەسمی لە سۆزان موبارەکی ژنی سەرۆکی میسر یەکێك لە یاوەرەکانی سەدامی کوشت هەر لەبەر ئەوەی وای بۆچووبوو ئەو سەمیرەی بۆ سەدام سازکردوە.

سەدامیش زۆر پێی نیگەران بوو، و ماوەیەك کردیە زیندانەوە. بەڵام قوسەی باشتر لە مەسەلەی ژن هێنانەوەی باوکی گەیشتبوو، و مەسەلەکەی بە سانایی وەرگرتبوو چونکە ئەیزانی باوکی لەگەڵیدا بەختیارو کامەرانە. سەمیرە باسی ئەوە ئەکات ساجدەو منداڵەکانی چەند رقیان لە عەلی کوڕی ئەم بووە هەتا جارێکیان رەفدەی کچی لە چاوپێکەوتنێکدا دانی نەناوە بەوەی سەدام کوڕی تری هەبێت، ئەڵێت هۆکارەکەشی ئەوە بوو سەدام زۆرتر لەلای ئەم ئەمایەوە.

سەمیرە شابەندەر زیاتر لەسەری ئەڕواتو ئەڵێت: سەدام زۆر حەزی لە سوپا بوەو حەزی کردوە هەموو کەسو کاری لە ریزی سەربازیدا بن، بەجۆرێك کوڕە گەورەکەی سەمیرە لە مێردە فرۆکەوانەکەی هەڵات بۆ دەرەوەی وڵات لە ترسی ئەوەی سەدام بیپێچێت بەکاری سەربازییەوە. لەبەر ئەوە سەدام بڕیاری دا هەتا مردن بە تەرەکراوی لە دەرەوەی وڵات بمێنێتەوەو تا ئێستاش هەر لەوێیە، بێ ئەوەی سەمیرە ئاشکرای بکات لەکوێیە!.

هەروەها ئەوەشی وت لەوکاتەوە نەیبینیوەو تا نەگەیوەتە بەیروت، قسەشی لەگەڵ نەکردووە.

وەرگێڕانی لە ئینتەرنێتەوە:
تۆفیق عەبدول

سەرچاوە:
www.daralhayat.com

سوپاسنامە

جێگەی رێزو سوپاسە کەرێکخراوی (یونسکۆ) هەڵساوە بەچاککردنو رێکخستنی (١٤٨) ژووری کۆمپیوتەر لەخوێندنگاکانی پەروەردەی (رانیە) (کەرکوك) (سلێمانی) دەوروبەری تەنانەت دوورترین ناوچە (شارۆچکەی تەوێڵە) ژووری کۆمپیوتەری تێدا کراوەتەوە لەدواناوەندییەکەی، ئەمەش بەهەوڵو کۆششی مامۆستای بەڕێز (کامل مەحمود محەمەد) سەرپەرشتیاری پسپۆڕی وەك نوێنەرێکی پەروەردە کەرێنمایکەرێك بووە لەم پرۆژەیەدا سەرپەرشتی ئەو ژوورانەی کردووە بۆ تەواوکردنی کەموکوڕیەکانی جێگەی رێزو سوپاسە لەگەڵ هەوڵو کۆششی کۆمەڵێك ئەندازیار (ئەلوەن تۆفیق قادر) (هاوار فەرهاد ئەحمەد) (شێخ عەلی) و (کاك مصدق) دوبارە سوپاسیان دەکەین.

مامۆستایانی دواناوەندی
تەوێڵەو خورماڵ

سوپاسنامە

بەبۆنەی لەدەستدانی جوانەمەرگی کچمانەوە لیڤیار جاسم محەمەد پاڵانی کەبەکارەساتێکی دڵتەزێنی ئوتۆمۆبێل گیانی لەدەست دا لەناخی دڵمانەوە زۆر زۆر سوپاسو پێزانینی خۆمانو سەرجەم بنەماڵەکەمان ئاراستەی ئەو لایەنە سیاسیانەو فەرمانگە حکومیەکانی هەرێمو مامۆستایانو خوێندکارانو زانکۆی کۆیەو سلێمانیو بەڕێوەبەرو مامۆستایانی کۆلێجی سلێمانی ئەهلی کچانو زانایانی ئاینی بەڕێز ریش سپیو پیاو ماقوڵانو هەموو ئەو کەسایەتییە بەڕێزانەی شاری دەربەندیخانو دەوروبەریو ناوچەکانی شارەزوور گەرمیان کەبەشداریان کرد لەمەراسیمی بەخاك سپاردنو پرسەکەمانا و سەردانیان کردین لەنەخۆشخانە دووبارە سەری رێزو حورمەتیان بۆ نەوی دەکەین خوای گەورە جەزاو پاداشتیان بەچاکە بداتەوەو سەبوریش بەئێمە بدات.

انا لله وانا الیه راجعون
بنەماڵەی جوانە مەرگ

رووبەڕووبونەوەیەك سەبارەت بەرۆژنامەی (جەماوەر)

رۆژنامەی جەماوەر لەژمارە (٥٨)ی خۆیا لەژێر ناوی سەرهەڵدانی ناکۆکی لەنێو ریزەکانی حزبی رزگاریی کوردستاندا هەواڵێکی ناڕاستی بڵاوکردەوەتەوەو وای دیارکردەوە کەحزبی (رزگاریی) تەمای چوونە ناو یەکێتیی نیشتمانی کوردستانی هەیەو سەبارەت بەو مەسەلەیەش ناکۆکی لەنێوان کادیرانی حزبو سکرتێری حزبی (رزگاریی)دا هەیە، لەم پەیوەندییەدا بەستافی رۆژنامەی (جەماوەر) دەڵێین:

١-سەرتاپای هەواڵەکە درۆیەو سەرچاوەی هەواڵەکەش هەر چ کەسو لایەنێك بێت بەمەبەستی چەواشەکاریەوە داڕێژراوە، چونکە رۆژێ لەرۆژان باس لەو مەسەلە نەکراوە تا ناکۆکیو رامانی جیاواز هەبوو بێت.

٢-راگەیاندنی حزبی (رزگاریی) کوردستان خۆی لەخۆیدا رەتکردنەوەی واقیعی داسەپاوی گۆڕەپانی سیاسی کوردستان بوو.

٣-هەر لەسەرەتای راگەیاندنیەوە، حزبی رزگاریی کوردستان راشکاوانە بانگی لایەنە چەپو سەربەخۆ خوازەکانی کردووەو داوای لێکردوون کەبەرەو یەکبوون هەنگاو بهاوێژنو ریزەکانی خۆیان پتەوو بەهێز بکەن. بۆیە لێرەدا لەستافی رۆژنامەی جەماوەر دەپرسین:-

٤-رۆژنامەی جەماوەر گەر بێلایەنەو دەیەوێ راستییەکان بۆ خەڵك روونبکاتەوە، دەبوایە بەر لەبڵاوکردنەوەی هەواڵەکە پرسی بەکادێرێکی رزگاری بکردبوایەو هەواڵەکەی سەر راست بکردبایەوە، یان دیداری لەگەڵ سەرکردەیەکی حزبی رزگاری بکردبایەو بابەتەکەی بوروژاندبایە.

دەزگای راگەیاندنی حزبی رزگاریی کوردستان

تێبینی:

ئێمە لەدەزگای راگەیاندنی حزبی رزگاریی کوردستان لەبەرابونمان بەعورفی رۆژنامەگەری، ئەم روونکردنەوەیەمان بڵاونەکردەوە لەبەرئەوەی لەلایەن رۆژنامەی جەماوەرەوە بەڵێنمان پێدرا کەبۆمان دابەزێنن لەرۆژنامەکەیان بەڵام بەداخەوە بەڵێنەکەیان نەهێنایە دی، بۆیە بڕیارماندا لەرۆژنامەی هاوڵاتی دای بەزێنین.

وەڵامی وەزارەتی پەروەردە سەبارەت بەدەوامی مامۆستایان

مەبەست لەدەوامی مامۆستایانو فەرمانبەران ئەوەیە کەلەوانەی یەکەمەوە ئامادەبن هەتاوەکو تەواوبوونی دەوام وەك هەموو فەرمانبەرێکی حکومی، مەرج نییە مامۆستا رۆژانە هەموو وانەکانی لەخشتەی قوتابخانەدا هەبێت بەڵام پێویست دەکات دەوام بکات بۆ هاوکاریکردنی بەرێوەبەرو چاودێریکردن تاقیکردنەوەی مانگانەو پڕکردنەوەی وانە بەتاڵەکان ئەگەر شاغرێك هەبوو هەروەها بۆ بەشداریکردنی لیژنەکانی قوتابخانەو خوێندنگاو رێکخستنی تاقیگەو کتێبخانەو وردبینیو پشکنینی دەفتەری تاقیکردنەوەو نوسینی پلانی وانەوتنەوە.. .. هتد. مامۆستا تەنها کاری بەوانەوتنەوە کۆتایی نایەت بۆیە پێویست دەکات وەك هەموو فەرمانبەرێك لەدەوامدا بێت. هەندێك مامۆستا وانەی زۆرترە لەهەندێکیتر هۆکاری ئەوەش بەزۆری دەگەڕێتەوە بۆ ژمارەی مامۆستایان لەناو شارەکاندا کەبەهۆی بارودۆخی کوردستان ماوەی ١٢ ساڵە قوتابخانەو خوێندنگا لەدەرەوەی شارەکاندا کەمبوون لەبەرئەوە مامۆستاکان لەناو شارەکاندا دادەمەزران. دواتریش یاسای خانەنشینیان بڕی مووچە وەك پێویست نەبووە کەسود لەو بڕە پارەیە وەرگرێتو خۆی خانەنشین بکات بەڵام ئێستا ژمارەیەکی زۆری مامۆستا چاوەڕوانی گۆڕانکارین لەیاسای خانەنشیندا بۆئەوەی سود لەیاسای تازە وەربگرنو خۆیان خانەنشین بکەنو رێگاش بدرێت بەمامۆستا تازەکان کەبگوێزرێنەوە بۆ ناو شارەکانو چارەسەری هەموو کێشەکان بکرێت بەرێکخستنی میلاك بەشێوەیەکی یاسایی و دادپەروەرانە.

راگەیاندنی
وەزارەتی پەروەردە.

سوپاس و پێزانین

بەناوی بنەماڵەی (حەمەی سەمین)دە لەکەلار زۆر سوپاسی هەموو هاوڕێو خزمو کەسوکار دەکەین لەهەموو عەشیرەتو بنەماڵەو بەرپرسە ئیدارییەکانی ناوچەکەو نوێنەری لایەنە سیاسیەکانو سکرتارییەتی رابونی خوێندکارو لاوانی کوردستانو سەرجەم مامۆستایانو خوێندکارانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی، دەکەین کەبەشداریان کرد لەبەخاك سپاردنو پرسەی (حاجی صەلاح)ی برامان داواکارین لەخوای گەورە پاداشتی چاکیان بداتەوە.

صاڵح محەمەد سەمین
لەجیاتی بنەماڵە

گۆڤاری (رامان) و هەڵکێشانی ئاهێك

دەمی لێدانی رژێمی بەعسو روخانی بوو، کەوتنی بەغداو ئاهەنگی سەرجەم گەلی عێراق بوو کەدەبوو ژمارە (٨٢) ی تایبەت بەشانۆی گۆڤاری رامان بکەوتایە بەر دیدەی خوێنەران، کەچی ئەو ژمارەیەو ژمارەکانی تری ئەو گۆڤارە دەرنەچوونو لای نووسەرانو رۆشنبیران بەوە لێکدرایەوە کە لەو گۆڕانکارییە خێرایەدا وەستانێك بێ تابارودۆخی وروژاو شپرزە، هێمن بێتەوەو کەشو هەوای ئاسایی بگەڕێتەوە.

کەشوهەوا هێورباوەو بەتایبەتیش لەکوردستاندا کەبەو چەشنە گۆڕانی بەسەدرا نەهاتبوو" ئێستاش دوای تێپەڕینی نۆ مانگ لەدەرچوونی دوا ژمارەی ئەو گۆڤارە، نە نۆ مانگی ئیستو وەستانو سەرهەڵدانەوە.. لەو ماوەیەشدا لێرەو لەوێ ئەوە دەهاتە بەرگوێ کەناوەندی رۆشنبیریی گوڵان ئیشکالیەتی دراوی هەبووەو قەبارەی رامان بچووکتر دەبێتەوە، تا هەنوکەش هیچ تیشکێكو روونکردنەوەیەك نییە لەو بارەیەوەو قروقەپی لێکراوە.

وەك لای هەموانیش ئاشکرایە ئەو دەڤەرەی (رامان)ی لێوە دەردەچێت نەدار نییەو لەبۆدجەکەیدا بەشی ئەوە دەمێنێتەوە کەگۆڤارێکی وا قەشەنگو یەکێك لەهەرە باشترین گۆڤارەکانی میللەتی کورد کەخامەی نووسەرانی هەر چوار پارچەکەی کوردستانو هەندەرانیشی لەخۆگرتبوو، دەربکات" ئەوەی سەیریشە تائێستا چ بڵاوکراوەیەکی ئێرەو ئەوێ شتێکیان دەربارەی نەنووسیوە، لەکاتێکدا ماڵی هەمووان بوو! لام گرنگیش نییە تاقە هۆکارێکی دەرنەچوونی پێبزانم جا چ ئایدیۆلۆژی بێ یان ئابووری، ئەوەی دیارە ئەم کارە ناوەندی رۆشنبیریی گوڵانی وا هێنایە پێش چاوم کەگەشترینو جوانترین گوڵی خۆی هەڵپڕواندووەو وەراندووە! ئەمەش لەچ کاتێکدا! لەو ساتەوەختەدا کەدەیان ساڵە رۆشنبیریی کوردی خەون بەقۆناغی ئازادیی نووسینەوە دەبینێو دەبوو لەم کاتەدا ئەرکەکانی سەرشانی باشتر بەجێبهێنایەو زیاد لەهەر دەمێکیتر گرنگیی بەهێزتری هەبووایە لەپێناو دەوڵەمەندکردنی کەلتورو فەرهەنگی کوردیو هەنگاونان بەرەو تازەگەریو داهێنان.

سەرباری ئەوەی گۆڤارو رۆژنامەی تری هەمەچەشنە چاپو بڵاودەکرێنەوە، بەڵام جێگەی رامان بۆشاییەکی ئەوتۆو دیاری هەیە لەو نێوەندەدا بۆ سەرخستنی بزاڤەکەو خۆ ناساندنەوەی نوێی بەگەلانی عێراق.

هەناسەی ئەم نووسینەم لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کەئاهی بابایەکی دڵسۆزو بەئەمەکە دەرهەق بەو گۆڤارەی بەپێزترین بەرهەمەکانی خۆمم تێدا بڵاوکردۆتەوە، لەدوای نۆ مانگیش ئومێدم وابوو سەرلەنوێ دەربچێتەوە، بەڵام کەمامۆستایەکی سەر سپیم بینی، لێم پرسی: خێرە رامان دەرناچێت! پێی وتم: پارە نینە.

لەو دەمەوە ئەو ئومێدەشم رەوییەوەو زانیم لەچاوەڕوانی گۆدۆدام، ئەو گۆدۆیەی لەقەراتەوە بزربوویەو ئاوا بوویە!.. بەو هیوایەی هەر لەقەراتەوە هەڵبێتەوەو چیدیکە ئاهی بۆ هەڵنەکێشین!!

تەها ئەحمەد رەسوڵ

پاشماوەی پرۆژەی شێوازی..

* کورد، نەتەوەیەکی ٤٠ ملیۆن کەسیە، دەبێ سەنگی خۆی لە عێراق، ناوچەکەو جیهاندا بزانێ.

* کورد دەبێ بۆ مافە رەواکانی خۆی تەحەدای هەموو کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بکات. هیچ هێزێکی نێونەتەوەیی ناتوانێ مافی کورد زەوت بکات، بەڵام کورد دەبێ داواکاری هەبێو مافەکانی کاریگەرانە لە سەکۆی نێودەوڵەتیدا گفتوگۆ بکات.

* کورد دەبێ باوەڕی بەوە هەبێ هێندەی کورد پێویستی بە وڵاتە زلهێزەکانە، ئەوانیش هێندە پێویستیان بە کوردە.

* کورد پێویستی بە کەسایەتی بەجەرگە تا نەریتە داسەپاوەکان بەسەر کورددا دوخاش بکات.

خواستی نەتەوەی کورد، گەر یەکدەنگ بێ، سەنگێکی بەرچاوی دەبێ لە کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا. کورد دەبێ باوەڕی بە خۆی هەبێ کە هێزێکی نێونەتەوەییە، دەتوانێ پۆزەتێڤانە بەشداری بکات لە بوژاندنەوەو لە ئاسایشی جیهاندا.

کورد ئەمڕۆ بەڕێکێشە نیە. بەڵام گەورەترین کۆسپ لەبەردەم کورددا، کورد خۆیەتی.

سەرنجو سوپاسنامە.

نووسینەکانی دکتۆر بورهان یاسین، دکتۆر کەمال بەرزنجیو دکتۆر حسین تاهیری بە کەڵکن بۆ ئەو رەهەندانەی لێرەدا هێنراونەتە خامە. تکایە بڕوانە کوردیشمیدیا، کوردستان نێتو هاوڵاتی، سوپاسیشیان دەکەم بۆ گفتوگۆی بەکەڵك بۆ بەئەنجامدانی ئەم نووسینە. سوپاسیشم بۆ کاك ئەیوب بەرزانی، خاتوو نەرمین ئوسمان، کاك پێشڕەو نامۆ، کاك وەڵات لەزگنو کاك ئاوات ئەسعەدی. گشتیان یارمەتیدەر بوو، هەریەکەی بەجۆرێك.

نووسەر

دکتۆر رێبوار فەتاح بەکالۆریۆسی لە زانکۆی سلێمانیو ماستەرو دکتۆرای لە زانکۆی لەندەن وەرگرتووە. ئێستا سەرکاری کوردیش میدیایە. لە سەرەتای هەشتاکانەوە لە بەریتانیا دەژی، رۆڵێکی کاریگەری هەبووەو هەیە لەسەر گەیاندنی کێشەی کورد بە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی.

پاشماوەی کۆنگرەی گشتی رۆژنامەنووسانی..

چونکە کەسەکانی ئەوێ زۆربەیان کادری حزبیو ئەنجومەنەکەش هەموویان حزبین، بۆیە هەر زماندرێژیەك بکەن لەسەریان دەوەستێت". (سەرۆ قادر) وتی":بەر لەهەر شتێك گوێمان لەوە بوو کە سەندیکا دەبێ لەحزبایەتی رزگاری بێت، بەڵام نابێ ئەوە لەبیربکەین کە رۆژنامەنوسانی ئێمە لەدەزگاکانی راگەیاندنی حزبین، چونکە لەوڵاتی ئێمە راگەیاندن بەدەست حزبەوەیەو ئاسان نییە لەدەستی رزگار بێت، بۆیە ئەم هەنگاوە جێگەی سوپاسە، مادام دەنگ هەیە بۆ سەربەخۆیی لەکۆنگرەکانی داهاتوودا دەتوانین لەژێر یەك سەقفدا سەندیکایەکی سەربەخۆ دابەزرێنین، چونکە ئەم سەندیکایە زۆر حەساسە، مادام رۆژنامەنووسان دەورێکیان هەبووە لە خیلافی ناوخۆیی، دەشتوانن دەوریان هەبێت لەدروستکردنی کەشو هەوای ئازاد) لەبەرامبەر پرسیارێکدا سەبارەت بەوەی کە هاوڵاتی وەك رۆژنامەیەکی سەربەخۆ بواری پێنەدرا (سەرۆ قادر) وتی:"ئێمە تائێستا رۆژنامەی سەربەخۆمان نییە، ئێوە لەپشتی پەردەوە سەربەخۆ نینو ئامادەم قسەکەم بسەلمێنم، هەرگیز هاوڵاتی سەربەخۆ نییە". سەبارەت بەرووی یاسایی کۆنگرە کاك (تاریق جامباز) وتی:"بەڵێ لەبارەی ئەوەی نیسابی یاسایی هەبوو، چونکە خەڵك رەزامەندی دەربڕیو دادوەر ئامادەبوو، بەڵێ بوار نەدرا بەرۆژنامە ئەهلیەکان، چونکە ئیئتلافی بوو، لەبەرئەوەی ئێمە لەبەردەم قۆناغێکی زۆر ناسکداین، رەنگە لەئایندەدا بتوانین سەندیکایەکی سەربەخۆ دروست بکەین". (بێکەس حەمەد قادر) وەکو ئەندامی کۆنگرە دەیوست خۆی هەڵبژێرێ، بەڵام بواری پێنەدرا، لەمبارەیەوە وتی:"مەسەلەی حەز شتێکە، بەڵام واقیعی کۆنگرە شتێکی ترە، ئەوەی من زانیم ئەمە کۆنگرەی هەردوو حزبەکە بوو بەرێکەوتنی هەردوو حزبەکە بوو، بوار بەهیچ کەسێك نەدرا خۆی هەڵبژێرێ، لەچاوسورکردنەوەوە بگرە تاکو ئەوەی بەکەسی ئاژاوەگێڕ ناویان دەبردین، بۆیە بواری ئازادیان نەدا، ئەوە کۆنگرەی چەپڵەلێدان بوو".

سەبارەت بەئەنجامەکانی کۆنگرە (فەرهاد عەونی) کە وەکو نەقیبی سەندیکا هەڵبژێردرایەوە وتی:"کۆنگرەکە بۆ ئەو لیستانە والابوو کە خۆیان بۆ کۆنگرە ئامادەکردبوو، هەروەها دادوەر ئامادەبوو، ئێمە بڕیارددەین کە پێش ئەوەی نوێنەری رۆژنامە حزبییەکان بێن هی ئەهلیەکانین" لەبەرامبەر ئەو پرسیارەی کە بۆ رۆژنامەنووسی سەربەخۆ نوێنەری خودی خۆی نەبێت کە لەوێ بواری پێنەدرا، نەقیبی رۆژنامەنووسان وتی:"با خۆیان هەڵبژاردایە!!".

وون بوون

*پێناسێك ون بووە بەناوی (شەوکەت عەزیز فەتاح) کەلەیەکێتی ئەندازیارانی کشتوکاڵی کوردستانەوە دەرچووە تکایە هەرکەس دۆزیویەتەوە پەیوەندی بکات بەژمارە مۆبایلی (٧٥٧٥٣٧٧) لەگەڵ رێزدا.

*پێناسێکی تەندروستی ون بووە بەناوی ئەبابەکر ئەحمەد عەلی تکایە هەرکەسێك دۆزیویەتەوە بیگەڕێنێتەوە بۆ نووسینگەی هاوڵاتی لەسلێمانی. لەگەڵ سوپاسدا

*پێناسێکی زانکۆی سلێمانی کۆلێژی زانست بەناوی هەڵکۆ محێدین مەحمود ون بووە، هەرکەس دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە بۆ پرسگەی زانکۆ.

ئاگاداریەك لەبەرێوەبەرایەتی پاسپۆرت و مانەوە

ئاگاری سەرجەم هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەکەین کەبەرێوەبەرایەتیمان لەرۆژی ٢٠٠٣/١٢/١٥ تاوەکو رۆژی ٢٠٠٤/١/١٥ بەڵگەنامەی سەفەر تەنها دەداتە ئەو خوشكو برایانەی کەئامادەکراون بۆ فەریزەی حەج کردن. بۆیە داواکارین لەهاوڵاتیانی بەرێز لەو ماوەیەدا هاوکاریمان بکەنو معامەلاتەکانیان هەڵبگرن بۆ دوای رۆژی ٢٠٠٤/١/١٥

پیرۆزبایی

پیرۆزباییەکی گەرم لە هاوڕێمان کاك (شاڵاو) دەکەین بەبۆنەی گۆڕینەوەی ئەڵقەی هاوسەرێتی لەگەڵ خاتوو (نەرمین) بەهیوای ژیانێکی خۆش.

ئاسۆ، سیروان، ئامانج

سوپاسنامە

سوپاسو پێزانینی خۆمان دەرئەبڕین بەرانبەر بەبەشداریکردنی بەڕێز (بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبا کاك ئازاد عەبدوڵڵا) و صیانەکانو گەراجەکانی کارەبا لەپرسەی کۆچکردوو ئەمیر بەهائەدین.

بەناوی بنەماڵەوە
بەهائەدین حاجی نامیق دێگەلی

روون کردنەوە

لەکورتە هەواڵەکانی ژمارە (١٥٢)ی هاوڵاتیدا، هەواڵێك سەبارەت بەوەرنەگرتنی پارەی چاپی نوێ لەلایەن شۆفێرێکی هێڵەکەمانەوە بڵاوکراوەتەوە، بۆیە من وەکو لێپرسراوی هێڵی سەرچنار هیچ کێشەیەك رووبەڕوومان نەبوەتەوە بەڵام ئەو کێشەیەش کەروی داوە پێش جێبەجێکردنی بڕیارەکەی بەڕێز پارێزگاری سلێمانیو لێپرسراوی هێڵەکان بووە چونکە ئەوکاتە ئەم پارەیە زۆر کەم بووە لەبازاڕدا وەهیچ کاری پێنەکراوە وەداواکارین هەر کێشەیەك هەبوو رووبەڕووی لێپرسراوی هێڵەکە بکرێتەوە چونکە لێپرسراوی هێڵ بەرپرسیار دەبێ لەوکارەی رووەدات لەگەڵ رێزو سوپاسدا.

لێپرسراوی هێڵی سەرچنار
بەهادین حەمەئەمین

دادگای باری کەسینەی شەقلاوە

ژمارە/ ١٤٤/ش/٢٠٠٣-١٢-١٦
بەروار/ ٢٠٠٣/١٢/١٠

بۆ/ داوالێکراو زرار حەمەد سلێمان

داواکار (خانزاد حەسەن مستەفا) داوای ژمارە/ ١٤٤/ش/٢٠٠٣ لەدژت تۆمار کردووە تیایدا داوا دەکات بەپەسەندکردنی تەڵاق (تصدیق طلاق) وە لەبەرئەوەی شوێنی دانیشتنت دیار نییە بۆیە بەدوو رۆژنامەی خۆجێی ئاگادارت دەکەینەوە کەلەبەردەم ئەم دادگایە ئامادەبیت لەبەرواری ٢٠٠٣/١٢/٢٤ بەپێچەوانەوە دادبینی دەکرێت دەرهەقت بەپاشملەو ئاشکرا بەپێی یاسا.

قازی حەسەن رەمەزان حەسەن

هاوڵاتی
A Private Weekly Issued By Rauj Print Shop

یەکەمین ژمارەی
لە ٢٠٠٠/١١/٥دا دەرچووە

خاوەنی ئیمتیاز
تاریق فاتیح حەسەن
سەرنووسەر
ئاسۆس هەردی
جێگری سەرنووسەر
رێبین رەسوڵ ئیسماعیل
راوێژکاری یاسایی:
گۆڤەند بابان – هاوڕێ یاسین
ناونیشان:
سلێمانی ـ شەقامی مەولەوی
پشت بانکی سەلام چاپخانەی رەنج
ژمارەی تەلەفۆن:٣١٣٢٩١٢ـ٣١٢٩٦٤٧
هەولێر ـ شەقامی شەست مەتری
نزیك فلکەی کوران
ت: ٢٢٩٣٢٦٩
نوسینگەی سۆرانی هاوڵاتی:
سۆران ـ رێگای گشتی رەواندز
ژمارەی تەلەفۆن: ٢٦٢٢٥٥٤
ناونیشان لەسەر ئینتەرنێت:
www.hawlati.com
E- mail:
hawlati@hawlati.com
ژمارە حسابی تایبەتی هاوڵاتی:
Post Bank (6744997)
Hawlati, Holland بەناوی
نوێنەری هاوڵاتی لەدەرەوەی هەرێم
عەدنان عوسمان– هۆڵەندا
Tel & Fax: 355 411 820
ئەدرەسی ئۆفیسیکاتی "هاوڵاتی" لە ئەوروپا
E,Mohammed
Ooster str 133A
3742 SN Baarn Holland
Tel&Fax 0031-355 411 820
E